# هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی کتێب

## (١-٢)

ن. علی بن سليمان الصوينح
و. ساکار عەلی عەبدوڵڵا

پێویستە بۆ ئەم بوارە کارمەندی کتێبخانە لە ئاگاداری بنەما بنچینەییەکانی هەڵبژاردن‌و هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانە بێت کە دەیانخاتە بەردەستی خوێنەرو توێژەران، بەتایبەت (هەڵسەنگاندن) پرۆسەیەکی بەردەوامەو دەتوانرێ سیستمێکی بۆ دابنرێت لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەری کتێبخانە، یان کارمەندی پسپۆڕ.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵسەنگاندن ماندووبوونێکی ئەوتۆی ناوێ هێندەی پێویستی بە ئاگاداریو وریاییو تێگەیشتن هەیە لە ئامانجی هەر کتێبخانەیەک، ئیتر گشتی بێت، یان زانکۆیی، یاخود تایبەتمەند.

**زۆربەی کارمەندی کتێبخانەکان کە کتێب دەکڕن، بەدەست جۆرە ڕۆتینێکەوە ماندوو دەبن، ئیتر ئەوە لەیاد دەکەن چی لەکتێبخانەکەیاندا هەیە، ئەم کەموکوڕییە لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرتووە:**

**١- ئاستی گروپی بەڕێوەبردن‌و توانای هونەریی کارمەندان.**

**٢- نەبوونی پێوەری دیاریکراو درووست بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو چاپکراوانەی هەن‌و نەشارەزایی لەخواستی خوێنەرو توێژەراندا.**

**٣- نەبوونی سیستم‌و ڕێنمایی کارگێڕیی کە بەگوێرە یان چاپکراوەکانی کتێبخانە بەشێوەیەکی ناوبەناو هەڵبسەنگێنرێت.**

**لێرەوە، پرۆسەی سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن گرانتر دەبێت، چونکە ئەوە پێویست بەکاری ئاڵۆز دەکات بۆ ڕوپێوی چاپکراوە کۆنەکان، کە ڕەنگە دەستەبەر نەکرێن‌و کۆشش‌و کاتی زۆریشی دەوێت.**



شەقامی موتەنەبی لەبەغدا.. جێگایەک بۆ نمایشی کتێبەکان



گەڕان بەدوای کتێبە نوێیەکان لەکتێبخانەیەکی هاوچەرخدا

ڕەگەزەکانی هەڵسەنگاندنی کتێبی نوێ دەکەونە ژێر ڕکێفی ئەرکی هەڵبژاردنەوە، بەشێوەیەک لەگەڵ باوەڕی (کۆشش لەپێناوی باشتردا) یەکانگیربێت، هەربۆیە زانینی پێکهاتە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندن یارمەتیی کارمەندی کتێبخانە دەدات بۆ وەدەستخستنی کتێبی نوێ لەناوەڕۆک‌و فۆرمدا، ئەو پێکهاتانەش بریتین لە:

### زانیاریی بیبلیۆگرافی

زانیاریی بیبلیۆگرافیی ئەوانەن کە چوارچێوەی تایبەتی چاپکراو دیاری دەکەن، ئیتر کتێب بێت یان نامیلکە، بەشێوەیەک ئەو زانیارییانە لەگەڵ پێوەرە ناسراوەکانی کتێب‌و بڵاوکردنەوەدا یەک بگرێتەوە، لەوانەش: ناونیشان، نووسەر، بڵاوکەرەوە، مێژووی چاپ، بەرگ‌و نرخ‌و..تاد.

بێگومان ئەو زانیارییانە دەبنە تەواوکاری ناسینی سەرچاوە فکرییەکە، بەڵام نابنە هۆکاری تەواوی نرخاندنی کتێب لەڕووی بابەتیو زانستییەوە، بەڵام زانیاریی سەبارەت (نووسەر، ناونیشان...) وادەکات کە پێرستکار چاپکراوی ناوازە بناسێنێ‌و خەسڵەتی جیاکەرەوەی لە کتێبەکانی تر بخاتە ڕوو.

لەزانیارییە وەسفییەکانەوە کارمەندی کتێبخانەو خوێنەر دەتوانن پێکەوە بایەخی کتێبخانە(تاخچنەکان) لە پانتایی بەرهەمهێناندا بزانن وەک خواستی خوێنەر بۆ زانینی زانیاریی دەربارەی نووسەری بەرهەمەکەو ناونیشان‌و تازەیی سەرچاوەکە (مێژووی بڵاوکردنەوە)..تاد.

کەموکوڕیی لەو زانیاریانەو نادیارییان دەبێتە گرفتی گەورە بۆ پێرستکارو خوێنەر، تەنانەت بۆ ئەو کەسەی بەکارەکە هەڵدەستێ، چونکە تەواوکردنی دەروازەو ڕۆشنیی زانیارییە وەسفییەکان هۆکاری گرنگە لە دیاریکردنی کتێب‌و زوو بەدەستهێنانی.

### بابەتی کتێب

دوای زانینی بابەتی کتێب بەباشی، پێویستە کارمەند چەند پرسیارێک لەخۆی بکات، لەوانە: لەکتێبەکەدا چەندە بابەتەکە گوزارشتی لە بابەتەکەی کردوە، هەموویەتی یان بەشێکێتی، یان مێژووییە یاخود بەتەنیا لێی هەڵبژاردوە، پاشان ئاخۆ بەهای بابەتەکە کاتییە یان هەمیشەیی، ئامانجی کتێبەکە چییە، زانستیە یان هەر میدیاییە، ئینجا ئاخۆ خوێنەری کتێبەکە کێیە، پسپۆرە یان خوێندکار یاخود منداڵە؟

هەروەها ئاگاداربوون لەڕاستییەکانی نێو کتێبەکە، لەگەڵ بایەخی وەک کارێکی فکرییو سەرچاوەیەکی زانیارییەکان، بەواتایەکی تر ئاخۆ کتێبەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی لەبابەتەکەیدا، یان لاوەکیی دەبێت، ئینجا ئایا نووسەرەکەی پشتی بەسەرچاوەی گرنگ بەستووە بۆ نمایش‌و چارەسەری بابەتەکەی، یان بەتەنیا شارەزاییو ئەزموونی بوونەتە کرۆکی کارەکەی، هەروەها ئاخۆ بیرۆکەکەی نوێیەو بوێرە، یان کۆنە؟

پاشانیش، ئایا نووسەر توانیویە نمایشی بابەتەکەی بەشێوەیەکی زنجیرەییو لۆژیکی بکات یان نا؟

هەڵبەت هەڵسەنگاندنی کتێبی ئەفرێندراوو ئەدەبیی وەکو شیعر، چیرۆک، شانۆنامە زۆر گرانترە لە کتێبە زانستییە پڕ لەڕاستییەکان، چونکە ئەویان پێویستی بە ڕۆشنبیریو چێژوەرگرتنی هونەریی کارمەندی پسپۆرە، بەڵام دەکرێ کارمەند بپرسێت: ئاخۆ کتێبەکە کارێکی مرۆییەو ڕووی لەهەست‌و هزری باڵای مرۆییە؟ پاشان ئاخۆ کتێبەکە بانگەوازی چاکەخوازیی لەدووتوێیدایە، یان تەنیا کارێکی هەرزانەو هەڵگری هیچ جۆرە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی یان مرۆیی نییە؟ پاشان کارەکە لەبوارەکەی خۆیدا چەندە کاریگەریی لەسەر بەرهەمی نەتەوەیی، یان جیهانیی هەیە؟

سەبارەت کتێبی سەرچاوەکان، لایەنی تر هەیە کە ئاماژەیان بۆ نەکراوە، وەکو ڕیزبەندیی بابەتی کتێبەکان‌و ڕێنیشاندەری بەکارهاتوو کە خوێنەر بباتەوە سەر دەروازە پشت پێبەستووەکان.

پاشان ئایا سەرچاوەکە بەپێی ڕێکخستنی بابەتی، یان هیجایی ڕێکخراوە، بەنووسەر یان بەناونیشان‌و بەو شێوەیە.

لەگەڵ زانیاریی تر کە کارئاسانی بکات لە بەکارهێنانی کتێبەکەدا، وەکو کورتکراوەکان، پێڕستی گرنگ بۆ ڕێبەری کردنی خوێنەر بۆ دەروازەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ گرنگترین خەسڵەتی سەرچاوەکان بێجگە لە وردیو تازەیی زانیارییەکانی، لەڕووی گونجانی لەگەڵ خواستی خوێنەردا کە لەپێناویدا کتێبەکە نووسراوە.

هەڵسەنگاندنی سەرچاوە، پشت دەبەستێ بە توێژینەوەی جۆریو تاکەکەسیی لە خودی سەرچاوەکەدا، ئیتر ئینسایکلۆپیدیا بێت یان فەرهەنگ، یاخود پێڕست، بەشێوەیەک کارمەند بتوانێ هاوسەنگیو هەڵسەنگاندنی تەکنیکی سەرچاوەکان، بەجیاوازییانەوە لەئەستۆ بگرێت.

زانیاریو بەدواداچوونی ڕەخنەیی وا لەکارمەند دەکات خواستی پێویستی هامشۆکەری کتێبخانەو پەیوەندیی بابەتی دیاریکراو بەوان‌و ئامانجی کتێبخانەکەیەوە بزانێت، پاشان بەراوردی ئەوانە لەگەڵ چاپکراوەکانی لەمەوبەری کتێبخانەکەی، تاوەکو بتوانێت سیمای بابەتیی کۆمەڵەی کتێبەکانی بزانێت‌و نەهێڵێت بابەتێک زاڵ بێ بەسەر بابەتی گرنگی تردا، بەوەش بۆشایی لە هەندێ بەشی کتێبخانەکەیدا پڕبکاتەوە.

### نووسەر

ئەگەر زانیاریی سەبارەت بە بەرهەمەکانی لەوەوبەری نووسەر هەبێت لە بابەتە دانراوەکانیدا، ئەوا کارمەند دەتوانێ شارەزایی لە بەرهەمەکانیو توێژینەوەو ئەزموونی لەبواری دیاریکراویدا هەبێت.

هەروەها ئاگاداربوون لە پایەی زانستیو ڕۆشنبیریی نووسەرەکەو سەنگی لەلای ڕەخنەگران‌و دامەزراوە زانستییەکانی تر، ئایا نووسەر خاوەنی شارەزایی ئەوتۆیە کە بیرۆکەی نوێ بخاتە سەر بواری کتێبەکەی؟ ئەگەر وایە ئاخۆ دوا کتێبی چەندە داهێنان‌و نوێیە؟ یان بەتەنیا دووبارەکردنەوەیەو کۆکردنەوەی شتەکانی لەوەوبەرێتی لەهەمان بواردا!

ناسنامەی نووسەر کۆمەڵێ ڕەگەز دیاریی دەکەن، لەوانە چاپکراوەکانی، ئاستی خوێندنی، ڕۆشنبیرییەکەی، پایەی زانستیی، زمان‌و شێوازی لەنووسیندا، هەروەها تواناییو وردەکاریی لە توێژینەوەکانیدا سوود وەرگرتنی لەسەرچاوە گرنگەکان بۆ ئەنجامدانی بابەتەکەی.

پاشان، ئاخۆ نووسەر پشت بە بەرهەمی زۆروبۆر دەبەستێ یا، بە بەرهەمی ناوازەو جۆریی؟ هەروەها پڕۆگرامی نووسەر لە نووسیندا، هەندێ جار پشت دەبەستێ بە پڕۆگرامی وەسفیو بڕیارە گشتییەکان، یان هەژاندنی سۆز بە زمانێکی پاراو، بێ ئەوەی پەیڕەوی پڕۆگرامی ئەزموونگەریو بنەما زانستییەکان بکات، دواجار ئاراستەی نووسەر لەو بابەتەدا بە چ جۆرێکە، واتە ئەو قوتابخانەیەی نووسەر پەیوەستە پێیەوە، پارێزگارە یان سەرەرۆ یان مام ناوەندیی؟

ئەگەر کتێبەکە وەرگێڕراو بێت، پێویستە وەرگێڕ شارەزابێت لە هەردوو زمانی ئەسڵیو دووەمدا، دیارە توانای زمانەوانیو ئەمانەتی زانستیی دوو هۆکاری گرنگن لە سەلماندنی ڕاستیو وردیی زانیارییەکاندا، وەرگێڕانی کتێبی زانستیی تایبەتمەند واتە شارەزایی فراوان.

* لەزمانی تەکنیکی، یان زاراوە تایبەتمەندەکان.

لێرەوە، پێویستە کارمەندی کتێبخانە لەوە دڵنیابێت کە وەرگێڕ کەسێکی ڕۆشنبیرە، هەروەها پسپۆرە لە بابەتی وەرگێڕانەکەیدا، کەسێکە لەتوانایدایە کارەکەی هێندە بەپوختیو دروستی بکات، سوودمەندبێ بۆ هەرکەسێ مەبەستی خوێندنەوەی هەبێت.

دەکرێ ژیاننامەو بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی نووسەران‌و وەرگێڕان لەڕێی کتێبی جۆراوجۆری ژیاننامەکان‌و گۆڤارو کتێبە ڕەخنەییەکان، بەتایبەت لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکان، بزانرێت.

### بڵاوکەرەوە

هەندێک لە بڵاوکەرەوەکان فەلسەفەی دیاریکراوی خۆیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکانیاندا، هەندێکی تریان قازانجی ئابووریی بەهەند وەردەگرن، دەشێت بڵاوکەرەوەش دەزگایەکی زانستی بێت وەک هەندێک لە زانکۆو دامەزراوە حکومیو خێرخوازەکان‌و ئەوەندەی ئامانجی لەبەشداریی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی تۆکمەیە، چاوی لە قازانج‌و داهات نەبێت.

لەچاپکراوەکانی بڵاوکەرەوەوە، کارمەندی کتێبخانە دەتوانێت لە ناوبانگ‌و سەنگی ئەو بڵاوکەرەوەیە تێبگات لە هەر بوارێکی چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەدا، پاشان سەرنجی ئەوە بدرێت ئاخۆ ئەو بڵاوکەرەوەیە بایەخ بەبڵاوکردنەوەی کتێبەکانی قوتابخانە دەدات، یان چیرۆک، یاخود کتێبی جدییو تایبەتمەند لەبوارێکی دیاریکراودا؟ هەروەها ئایا ناوبانگی بڵاوکەرەوە چەندە کاریگەرە بۆ خستنە بەردەستی ناونیشانێکی دیاریکراو، بەواتایەکی تر، ئایا ناوبانگی ئەو بڵاوکەرەوەیە وا لەخوێنەر دەکات بزانێت کتێبی ئەوان گرنگ‌و سوودبەخشە، یان بەپێچەوانەوە؟

هەربۆیە لەسەر کارمەند پێویستە بەتەنیا پشت نەبەستێ بەو زانیارییانەی کە بڵاوکەرەوە لە لیست‌و بیبلیۆگرافیاکانیدا دەیانخاتە بەرچاو، بەڵکو باشتروایە سەرنجی سەرچاوەکانی تریش بدات کە نمایشی کتێب دەکەن، یاخود هەڵیاندەسەنگێنن.

لەم ڕووەوە بایەخی بڵاوکەرەوە لەوەدایە، چەندە بەشداریی دەکات لە خەسڵەت پێدان بەکتێبی دیاریکراو بۆ خزمەتی خوێنەرو توێژەر، ئەمە بەدەر لەمامەڵەی داراییو پەیوەندیی نێوان کتێبخانەو بڵاوکەرەوە، کە بەپێی پێویستیی کتێبخانەو هەڵسەنگاندنی چاپکراوەکان هەڵبژاردن ئەنجام دەدات.

سەرچاوە
مكتبة الملك فهد الوطنية، ادارة المكتبات ومراكز المعلومات، تحرير اللجنة العلمية للنشر، الرياض، ٢٠٠٩.

# خزمەتگوزاری کتێبخانە بۆ نابینایان

**بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕیوە، لەشەڕوشۆڕو کارەساتی سرووشتی و نەخۆشــیو ئەنفال و کیمیاباران و پێشمەرگایەتی و زیندانی و پاشماوەی تەقەمەنی و .......هتد. ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان لـە هەموو ئاستێکی تەمەن و ڕەگەز، کەمئەندام بوون. یەکێکیش لەو جۆرە کەمئەندامیانە(نابینایی)یە.**



شێرزاد سەعید محەمەد

نابینا وەك توێژێك دەكرێت بەچەند بەشێكەوە:

١– نابینای تەواو : ئەو كەسانەی كە بەتەواوەتی ئەندامی بینینیان لەدەست داوەو بەهیچ شێوەیەك نابینن، جا ئەو نابیناییە زكماكی بێت یاخود بەهۆی كارەساتی جەنگو تەقەمەنیو ماددەی كیمیاویو....هتد بێت.

٢– نیمچە نابینا ، ئەو كەسانەی بەشێك لەئەندامی بینینیان لەدەست دابێت، یاخود ئەوانەی بینینیان لاواز بوووبێت بەهۆی نەخۆشی یاخود كارەسات یاخود بەهۆی چوونە تەمەنەوە. لەم جۆرەدا ئاستی بینین لە نێوان( ٦٠/٦ بۆ ٢٤/٦ )متر بۆ هەردوو چاوەكەی دەبێت .

توێژیی كەمئەندامو خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان، هیچیان كەمتر نییە لە ئەندامانی كۆمەڵ، چونكە هەموو بەشدارن لە گەشەكردنی كۆمەڵگادا. گەشەو ئاوەدانی راستەقینەش لە مرۆڤەوە دەست پێدەكاتو بەمرۆڤیش كۆتایی دێت. بۆیە بەرژەوەندی كۆمەڵگا وا پێویست دەكات كە گرنگی بدرێت بەكەمئەندامان، لەبەرئەوەی یەكەم مرۆڤن، دووەم هاوڵاتین. ئەگەر لایەنی كۆمەڵایەتیو تەندروستیو دەروونیو ئابووریو پەروەردەیی كەمئەندامان تارادەیەك گرنگی پێدرابێت لەلایەن لێكۆڵەرەوانو توێژەرەوان، بەڵام لایەنی گەیاندنی زانستو زانیاریو رۆشنبیری گشتی پشتگوێ خراوە یاخود نیمچە پشت گوێخراوە، بەتایبەتی لە كۆمەڵگای كوردیدا. كتێبو كتێبخانەو خزمەتگوزارییەكانی كتێبخانە لایەنێكی گرنگن لە ژیانی نابینایان كەنكۆڵیی لێ ناكرێت، چونكە ئەو بەبەردەوامی پێویستی بەزانیاری نوێ هەیە لەهەموو بوارەكاندا تاوەكوئاگاداری گشت گۆڕانكارییەكانی بێت. بۆیە لەم بابەتەدا گرنگیمانداوە بەو خزمەتگوزارییانەی كە پێویستە لە كتێبخانەكانی كوردستاندا پێشكەش بەنابینایان بكرێت لەگەڵ پێشكەشكردنی چارەسەر بۆ هەموو ئەو كەموكوڕیو گرفتانەی كە دێتە بەردەم كتێبخانەكان لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەنابینایان.

**مێژووی خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابینایان**

مێژووی خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابینایان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٥٨)كاتێك كە ویلایەتی (كنتاكی) لە وڵاتە یەگرتووەكانی ئەمەریكا ڕێگای دا بەدامەزراندنی دەزگایەكی چاپ تایبەت بەنابینایان بەناوی AMERICAN PRINTING HOUSE FOR THE BLIND كە ئەم دەزگایە هەڵسا بەچاپكردنی كتێب بەشێوەی پیتی لێك جیا، و لە سەرەتای ساڵی( ١٨٧٨)كۆنگرێسی ئەمەریكی پشتگیری مادی بۆ ئەم پرۆژەیە دابینكرد. وەلەساڵی( ١٨٦٨) كتێبخانەی (بۆستن) لە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا بەشێكی تایبەتی ئامادەكرد بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەنابینایان، لە ساڵی (١٨٨٢) لە كتێبخانەی زانكۆی (بەلسلڤانیا) بەشێكی تایبەت كرایەوە بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ نابینایان كە كارمەندانی ئەم بەشە سەردانی نابینایان دەكەن لە ماڵەكانی خۆیانو خزمەتگوزاری كتێبخانەو چۆنییەتی بەكارهێنانو خواستنی كتێبیان پێشكەش دەكەن.

لە كۆتایی سەدەی نۆزدەدا كتێبخانەكانی (فلادلفیاو شیكاغۆو نیویۆركو دیترۆیت)خزمەتگوزاری كتێبخانەیان پێشكەشكردووە بەنابینایان لە ڕێگای دابینكردنی سەرچاوە كە بەپیتی جیا چاپكرابوو. كتێبخانەی كۆنگرێسی ئەمەریكی لە ساڵی (١٨٩٧)دا هۆڵێكی كردەوە تایبەت بەخزمەتگوزاری نابینایان.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەهاوكاریو بەشداری زیاتر لە (٨٠) كتێبخانەی ئەمەریكی یەكەم تۆڕی هاوكاری لە بواری خزمەتگوزاری نابینایان لە ئەمەریكا كرایەوە. لەسەرەتای شەستەكانی سەدەی رابردووەوە كاری ئەو كتێبخانانە بەشێوەیەكی رێكوپێك دەستی پێ كردووەو یەكەم هەنگاو بۆ تۆماركردنی كتێبی دەنگی دەستی پێكردووە .

لەساڵی (١٩٧٤) یەكەم بڵاوكراوەبۆ نابینایان لە رێگای رێكخراوی یونسكۆوە بڵاوكرایەوە بەزمانەكانی(ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانیو فەرەنسی)، و لە ساڵی(١٩٧٦) یەكەم گۆڤار بەخەتی (بڕایل) لەلایەن یونسكۆوە چاپكرا. هەروەها لەساڵی (١٩٧٩) یونسكۆ یەكەم كتێبی دەنگی بۆ منداڵانی نابینا بەئەنجام گەیاند، كە بابەتەكانی تایبەت بوو بەوتەی بەنرخو پەندو گاڵتەو گەپ، كە بۆ ئەو منداڵە نابینایانە ئامادەكرابوو كە تەمەنیان لە نێوان(٧– ١٠)ساڵانە.

بەریتانیا بەیەكەم وڵاتی ئەوروپی دادەنرێت كە هەوڵی داوە بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابینایان، كاتێك كە بەشێكی كتێبخانەی (مانجستەر) هەوڵی بەچاپگەیاندنی كۆمەڵێك سەرچاوەیدا بەڕێگای (مون)، كە رێگایەكی تایبەتە بەنابینایان. دواتریش (پەیمانگای نەتەوەیی مەلەكی نابینایان INSTITUTE FOR THE ROYAL NATIONAL BLIND ) هەڵسا بەچاپكردنی كتێب بۆ نابینایان لە رێگای خەتی (برێڵ).

سەرەتاكانی دەركەوتنی خزمەتگوزاری نابینایان لە بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەكانی كچە نابینای بەریتانی (MARTHA ARNOLD) كە هەوڵی دا لەسەرەتادا كتێبخانەیەكی نیشتمانی بۆ نابینایان دابمەزرێنێت. خزمەتگوزارییەكانی كتێبخانە لە بەریتانیا تەنها بەكتێبەوە نەوەستا بەڵكو رۆژنامەو گۆڤارەكانیشی گرتەوەو لە ساڵی (١٩٧٢) یەكەم رۆژنامە بۆ نابینایان دەرچوو، و لە ساڵی (١٩٧٠) بەدواوە دەزگای چاپی تایبەت بەنابینایان كەوتەكار، كتێبی دەنگیو تۆماركراویش بڵاوكرایەوە.

لەم سەردەمەدا وڵاتی (یابان) لەپێشەوەی وڵاتان دێت لە بواری پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری كتێبخانە بەنابینایان، لەم وڵاتەدا خزمەتگوزارییەكان لە رێگای تۆڕی (ئینتەرنێتەوە) پێشكەش دەكرێت، سوودمەند لە هەر شوێنێك بێتو چەند شوێنی جوگرافی لە كتێبخانەكەوە دوربێت.

ئەو كۆمپانیایانە گرنگیانداوە بەبینینی دەستكرد ARTIFICIAL VISION كە جێگای رەزامەندی سوودمەندەكان بووەو ژمارەی ئەوسوودمەندانەی لەم تۆڕی خزمەتگوزارییەدا تۆماركراون گەیشتۆتە نزیكەی (٣٧٠٠٠٠)نابینا.

سەبارەت بەوڵاتانی چواردەوری كوردستان، وڵاتی (توركیا) لە پێشەوەی وڵاتانی ناوچەكە دێت سەبارەت بەپێشكەشكردنی خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابینایان كە لە ساڵی(١٩٤٠) دەستی پێكردووە. لەساڵی(١٩٧٦)(یەكێتی رێكخراوەكانی نابینایان) لەو وڵاتەدا دامەزراوە كە ئێستا ئەندامە لە (رێكخراوی یەكێتی نابینایانی جیهانی WORLD BLIND UNION) هەروەها ئەو وڵاتە هەوڵی داوە كتێبی تایبەت بەخەتی برێل چاپ بكات بۆ نابینایان كە كتێبخانەی (زانكۆی بوغازی) ئەو ئەركە لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها بەشداری دەكەن لە (٣٠) رۆژنامەو گۆڤاری جیهانی كەتایبەتن بەنابینایانو بەزمانی ئینگلیزی بڵاودەكرێنەوە.

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی سەرەتاكانی خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابیناكان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٧) كاتێك كە وڵاتی (سوریا) یەكەم پەیمانگای تایبەتی بەنابینایان دامەزراند، دواتر ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە(ئوردن، بەحرین، تونس، جەزائر، سعودیە، سودان، عێراق، كویت، لبنان، مەغریب، میسر، یەمەن). ئێستا لە میسر، نوێترین كتێبخانەی دەنگی هەیە كە پێشكەوتووترین سیستمی تێدا بەكاردەهێنرێت.

**• ئاستی خزمەتگوزاری كتێبخانەكان بۆ نابینایان لەكتێبخانەكانی كوردستاندا**

سەبارەت بەخزمەتگوزارییەكانی كتێبخانەكان بۆ نابینایان لە كوردستاندا بەمانایەكی زانستی بەرنامە بۆ داڕێژراو ، بەداخەوە هیچ پرۆژەیەكی وەها تاوەكو ئێستا لە ئارادانییە، دەكرێت لێرەو لەوێ لەڕێگای ئەو ڕێكخراوانەی كە لە كوردستاندا گرنگی بەكەمئەندامان دەدەن هەندێ سەرەتا هەبێت بەڵام وەك ئەوەی بەرنامەیەكی توندوتۆڵو كتێبخانەو بەشی تایبەت بەنابیناكان، تاوەكو ئێستا لەكوردستاندانییە. بەداخەوە كە ئەمە كارێكە دەبوایە هەر زوو حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهاوكاری ڕێكخراوە پیشەییەكانو ڕێكخراوەكانی تایبەت بەكەمئەندامانو ڕێكخراوە مرۆییەكانو لە ڕێگای ڕێكخراوی یونسكۆوە هەوڵی جددی بۆ بدرایە، كە كتێبخانەی تایبەت یاخود بەش لە كتێبخانەكانی گشتیو پەروەردەو خوێندنی باڵا بكرایەتەوە، چونكە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕێژەیەكی زۆری ئەندامانی كۆمەڵگەی ئێمەش بەهۆی كارەساتو ڕووداوی جیاوە نابیناو كەمئەندام بوون، و ئەوانەش مرۆڤنو حەزو ئارەزوو و خولیایان هەیەو پێداویستیەكانی ژیانو تەكنەلۆجیای نوێ وا دەخوازێت كە ئەوانیش خوێندەوارو رۆشنبیربنو دواتریش بەشداری بكەن لە ئاوەدانكردنەوەو گەشەكردنی وڵاتو بەكارهێنانی هۆكارەكانی فێركردنو تەكنەلۆجیای زانیارییەكان، كە كتێبخانەو بنكە زانیارییەكانیش مەڵبەندی ئەو گەشە پێدانو فێكردنەن، بۆیە بەپێویست دەزانرێت كە حكومەتی هەرێم بەهاوكاری ئەو ڕێكخراوانەی كە ئاماژەمان پێدا، دەست بكەن بەدانانی بەرنامەیەكی تۆكمەو هەمەلایەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستو زانیاری كەمئەندامان بەگشتیو نابیناكان بەتایبەتی، ئەویش لە ڕێگای كردنەوەی بەش لە كتێبخانە یاخود كتێبخانەی تایبەت بەنابیناكان، هەروەها دابین كردنی خزمەتگوزاری پێویست لە ڕێگای ئامادەكردنی كاری بیبلۆگرافیای تایبەت بەنابیناكانو دابین كردنی تۆڕی تایبەتی ئەنتەرنێتو دابنكردنی چاپخانەی تایبەت بەخەتی برێڵو دەركردنی گۆڤاری تایبەت بەنابیناكانو........هتد.

**• ئەو پێوەرانەی كە خزمەتگوزاری كتێبخانەی بۆ نابینایان لەسەر ڕێكدەخرێت**

باشترین پێوەر بۆ ڕێكخستنی كاری خزمەتگوزاری كتێبخانەكان بۆ نابینایان ، ئەو پێوەرەیە كە كتێبخانەی كۆنگرێسی ئەمەریكی دایناوە كە بە( پێوەری خزمەتگوزاری كتێبخانە بۆ نابیناكانو كەمئەندامان ناسراوە STANDARDS FOR LIBRARY SERVICES FOR THE BLIND AND PHYSICALLY HANDICAPPED) كە لەلایەن لیژنەیەكی تایبەت لە كۆمەڵەی كتێبخانەكانی ئەمەریكا ئامادەكراوە ساڵی ١٩٨٤، لەوانە :_

١– كتێبخانە هەڵدەستێت بەئامادەكردنی لیستێك بەهەموو ئەو سەرچاوانەی كە خزمەتی نابینا دەكەنو پێویستە لەبەردەستیاندا بێت.

٢– ئامادەكردنی پێرستێك بەهەموو سەرچاوەكانی كتێبخانەو خستنە بەردەستی نابینا بۆ سوود لێوەرگرتنیان.

٣– دابین كردنی لانی كەم فەرمانبەرێك كە كاری هاوكاریكردنو رێگانیشاندانی خوێنەرانی نابینایان بێتو وەڵامی پرسیارەكانیان بداتەوە.

٤– ئامادەكردنی لیستێك بەناوی ئەو رێكخراو كەسە پسپۆڕانەی كە تایبەتن بەبواری نابیناكان بۆ ئەوەی لەكاتی پێویستدا نابینا پەنایان بۆ بەرن.

٥– پێویستە لەسەر ئەو ئەمیندارانەی لە كتێبخانەی تایبەتی نابینایاندا كاردەكەن لە پەیوەندی بەردەوامدا بێت لەگەڵ ئەو كتێبخانەی خوێندنگایانەی كە تایبەتن بەنابیناكان بۆ ئەوەی سەرچاوەو زانیاری بگۆڕنەوە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر.

٦– دابین كردنی شوێنێكی گونجاو بۆ خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە ئاساییانەی كە كەسی نابینا مەبەستێتی سوودی لێوەربگرێت.

٧– ئامادەكردنی ئامێری گەورەكردن بۆ ئەو خوێنەرانەی ئاستی بینینیان لاوازەو مەبەستیان خوێندنەوەی كتێبی ئاساییە.

٨– ئامادەكردنی سیدی ئاسایی بۆ تۆماركردنی سەرچاوە لە سەری .

٩– ئامادەكردنی لانی كەم ئامێرێكی چاپو تۆماركەرێك، تایبەت بەنابینایان.

١٠– ئەنجامدانی كاری رووپێویو ئامار بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری تەواو دروست لەسەر سەرجەم كەمئەندامان، ئەمەش بەمەبەستی زانینی ژمارەیانو ئاستی نابیناییانو ئەو سەرچاوانەی كە حەز بەخوێندنەوەی دەكەن لەگەڵ جۆری سەرچاوەكان، ئایا پێیان باشە بەشێوەی خەتی(برێل) بێت یاخود تۆمار كراوبێت.

١١– رێكخستنی كتێبخانەكە بەشێوەیەكی وەها كە نابیناكان بەئاسانی هەڵسووكەوتی تێدا بكەنو جۆری رەف و كورسیەكان بەشێوازێك بێت كە لەگەڵ باری ئەواندا بگونجێت.

١٢– پێویستە لەسەر كتێبخانە كە شانبەشانی سەرچاوەی فێربوون هەندێ سەرچاوەی كات بەسەر بردنیش ئامادەبكەن، هەروەها سەرچاوەی دەنگیو رەنگیش ئامادە بكەن.

١٣– بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەكانی كتێبخانە پێویستە ئەمینداری كتێبخانە بەتەنها ئەو كارە نەكات بەڵكو پێویستە لیژنەیەك دروست بكرێت بەسەرۆكایەتی ئەمینداری كتێبخانەو ئەندامێتی كۆمەڵێك مامۆستای پسپۆڕو چەند خوێنەرێكی نابیناش تێدا بەشداربن.

ئەو خاڵانەی سەرەوە ئاستی گرنگیدانی وڵاتانی پێشكەتوو نیشاندەدات سەبارەت بە گرنگیدان بەنابیناكان لەكتێبخانەو بنكە زانیارییەكاندا، كە جگە لەو خاڵانە لەلایەن كۆمەڵێك كادیری چالاكو هەڵسوڕاو رۆشنبیرو راهێنراو لەسەر چۆنییەتی كاركردن لەگەڵ نابینایان بەڕێوە دەچێت. بەڵكو لەوەش زیاتر لە هەندێ لە كتێبخانەكاندا ئاستی خزمەتگوزاری گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە كارمەندانی كتێبخانەكان سەردانی ئەو نابینایانە دەكەن لە ماڵەكانی خۆیانداو خزمەتگوزاری كتێبخانەیان بەدەست دەگەیەنن.

**• چۆنێتی پلاندانان بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری سەركەوتوو بۆ كتێبخانەی نابینایان**

بۆ ئەوەی پلانێكی سەركەوتوو دابنێین بۆ كتێبخانەی نابینایان پێویستە لەسەرەتادا ئەم خاڵانەی خوارەوە بەگرنگ وەربگرینو بەرنامەیەكی هەمەلایەنەو درێژخایەن دابنرێت بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترینو باشترین خزمەتگوزاری سەردەمیانە پێشكەش بەنابینایان بكەین لە كوردستاندا، بۆ سەركەوتنی ئەو پلانە پێشنیاری ئەم خاڵانە دەكەین:–

١– پێویستە وەزارەتەكانی رۆشنبیری، پەروەردە، خوێندنی باڵا، ئەوقاف لیژنەیەكی هاوبەش دروست بكەن لە كەسانی پسپۆڕو ئەكادیمی بەمەبەستی دانانی پلانێكی هاوبەش بۆ پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاری بەنابینایان و مەرجە كە كەسانی پسپۆری بواری زانستی كتێبخانەی تێدا بێت .

٢– كردنەوەی بەش یاخود كتێبخانەی تایبەت بەنابینایان،(دەكرێت ئەم كتێبخانەیە گشتی بێتو سەربە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، و دەكرێت بەش بێت تایبەت بەوەزارەتی پەروەردە یاخود خوێندنی باڵا).

٣– دانانی كەسانی پسپۆرو تایبەت بۆ سەرپەرشتی كردنی كتێبخانەی نابینایان كە خاوەن بڕوانامەی تایبەتی كتێبخانە بن ( دبلۆم، بەكالۆریۆس، ماستەر) هەروەها شارەزاییان هەبێت لە چۆنیەتی هەڵسووكەوت لەگەڵ نابینایان.

٤– دابین كردنی كەرەسەی پێویست بۆ ئەو كتێبخانانە لەكورسیو مێزو رەفو پێداویستی تر كە تایبەت دروستكرابێت بۆ بەكارهێنان لەلایەن نابینایانەوە.

٥– دابین كردنی سەرچاوەی تایبەت بەنابینایان كە بەخەتی برێل نوسرابێت.

٦– دابینكردنی هۆكارەكانی بیستنو بینین تایبەت بەنابینایان .

٧– دەركردنی لانی كەم گۆڤارێكی تایبەت بەنابینایان.

٨– دامەزراندنی دەزگایەكی چاپی تایبەت بەنابینایان كە ئەركی دەركردنی سەرچاوە بێت بەزمانی( كوردی، خەتی برێڵ) تایبەت بەنابینایان.

٩– وتنەوەی وانەی تایبەت بەخزمەتگوزاری كتێبخانەی نابینایان، لە پەیمانگاو كۆلیجەكانی تایبەت بەزانستی زانیارییەكانو كتێبخانە.

١٠– دروستكردنی پردی پەیوەندی لە نێوان كتێبخانەكانو رێكخراوەكانی تایبەت بەنابینایان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات، بۆئەوەی بەباشترین شێوە بتوانرێت خزمەتگوزرای كتێبخانە پێشكەش بەنابینایان بكرێت.

١١– ئەنجامدانی كاری ئاماری تایبەت بەڕێژەی نابینایانو كۆكردنەوەی زانیاری دروست بەمەبەستی سوود لێوەرگرتن، بۆ كاری خزمەتگوزاری كتێبخانە.

١٢– ئەنجامدانی كاری پێڕستو پۆلێن بەدوو شێواز، شێوازێك كە دەنگی بێتو لەلایەن نابینایانەوە بەكاربێت، شێوازێكیش چاپكراو بێتو لەلایەن كارمەندانەوە بەكاربهێنرێت .

١٣– راوەرگرتنی بەردەوامی نابینایان لەسەر جۆرو ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی كە پێشكەشیان دەكرێت.

١٤– دروستكردنی تیمێكی خۆبەش لە كەسانی تایبەت بەبورای كتێبخانەكانو نابینایان بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری باشتر بەنابینایان.

١٥– دروستكردنی تیمێك لە كارمەندانی كتێبخانە كە سەردانی ئەو نابینایانە بكەن كە ناتوانن رۆژانە بگەنە كتێبخانەو سوود لە خزمەتگوزارییەكانی كتێبخانە وەرگرنو گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییانە بەشوێنی نیشتەجێبوونیان.

١٦– بەشداری كردن لە هێڵی ئینتەرنێت تایبەت بەنابینایان، كە زیاتر ئەم جۆرە هێڵانە دەنگین.

١٧– دابین كردنی هۆكاری كات بەسەربردن.

١٨– روپۆشكردنی زەوی كتێبخانەكان بەجۆرە فەرشێك كە نابینا بپارێزێت لە خلیسكاندن.

١٩– دابین كردنی ئامێری كۆمپیوتەری تایبەت بەنابینایان.

٢٠ – پێكهێنانی لیژنەیەكی تایبەت لە كەسانی پسپۆڕی زانستە جیاجیاكان بەبەشداری ئەمیندارانی كتێبخانەو كەسانی نابینا بەمەبەستی كاری هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ كتێبخانەكان .

٢١– دابین كردنی بودجەی تایبەت بەكڕینی سەرچاوە بۆ كتێبخانەو چۆنییەتی گەشەدان بەكارەكانی كتێبخانە .

٢٢ – دابین كردنی سەرچاوەی دەنگی تایبەت بەنابینایان.

ئەمە گرنگترینو سەرەكیترین ئەو هەنگاوانە بوو كە پێویستە لەسەر رێكخراوە تایبەتمەندەكان بەنابینایان بەهاوكاری حكومەتی هەرێمو رێكخراوی كتێبخانەكان لە كوردستانو بەرێوەبەرێتی كتێبخانەكانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریو پەروەردەو خوێندنی باڵا هەنگاوی بۆ بنێن.

لەسەروو هەموو ئەم كارانەشەوە ئامادەكردنی ئەمینداری كتێبخانەی سەركەوتووە كە جگە لەشارەزایی لەپیشەكەیدا دەبێت شارەزاش بێت لە چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كەسی نابینادا ، نابێت هیچ كات وا لەكەسی نابینا بكات كەهەست بكات بەچاوی بەزەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

بەو هیوایەین كە كاربەدەستانی حكومەتی هەرێم ئەو خاڵانە بەهەند وەربگرنو نابینایان زیاتر گرنگیان پێبدرێت بەتایبەتی لە بواری زانیارییەكانو كتێبخانەداو ببنە خاوەن كتێبخانەی تایبەت بەخۆیان بەباشترین و سەردەمیانەترین خزمەتگوزاریەوە.

**سەرچاوەكان:**

١– الحازمي ، محسن بن علي فارس . البحث الوطني لدراسة الإعاقة لدى الأطفال بالمملكة العربية السعودية. الرياض : مركز الأمير سلمان لأبحاث الإعاقة ، ١٤١٧هـ .

٢– الخلف ، عبدالرحمن سالم . خدمات المكتبات الخاصة في المملكة العربية السعودية . في بحوث ندوة المكتبات العامة في المملكة العربية السعودية : واقعها ومستقبلها. ٢٧ – ٢٨ رجب١٤١٦هـ الموافق ١٩ – ٢٠ ديسمب ر ١٩٩٥م بقاعة محاضرات المكتبة.

٣– متولي، ناريمان إسماعيل. تطور خدمات المعلومات للمكفوفين وضعاف البصر – مع دراسة حالة عن مصر. عالم الكتب. مج ١٧، ع ٣ (ذو القعدة – ذو الحجة ١٤١٦هـ). ص ٢٢٠ – ٢٤٠ .

٤– رجب ، ماجد حموك " والرواس ، أمير محمد صادق . دور المكتبة المركزية بجامعة الموصل في برنامج لخدمات المعلومات للمعوقين في محافظة نينوى . مجلة المكتبات والمعلومات العربية . ع ١ (يناير ١٩٨٨م ) . ص ص ٢٣ – ٤٩

٥– كيث رايت و جوديث دافي . ترجمة حسن مرشدان . الخدمات المكتبية للمعاقين بصريا. مجلة رسالة المكتبة ع ٤ ، ١٩٨٤ ، ص ١٩– ٢٦

**6- IFLA . LIBRARY SERVICE FOR THE BLIND AND PHYSICALLY HANDICAPPED: AN INTERNATIONAL APPROACH. (N. P.) : SAUR, 1979**

**7- www.alyaseer.net**

# ئینتەرنێت و بوارەکانی بەکارهێنانی لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکاندا

ڤیان ئەنوەر رەسوڵ



ئینتەرنێتو بوارەکانی بەکارهێنانی لەژیانی رۆژانەماندا رۆژبەرۆژ روو لەزیادبوونو گەشەکردنە بەتایبەت لەبواری کتێبخانەو بنکە زانیارییەکاندا، بۆ نموونە ئێستا تۆڕی ئینتەرنێت لەزۆربەی کتێبخانە زانکۆییو گشتیو خوێندنگاکاندا بەکاردێت لەسەرتاسەری جیهاندا بەکوردستانیشەوە بەتایبەتی دوای ئەو تەقینەوە زانیاریانەی کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە رێژەی زانستو زانیارییەکان زیاد بکەن لەجۆرو ژمارەدا.

ئەمەش وایکردوە کە نەتوانرێت خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بەشێوە لاساییەکەی پێشکەش بەخوێنەران بکرێت. بۆیە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکان ناچاربوون بۆ هاوکاری کردن لە کارەکانیاندا پەنا بەرنە بەر کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت.

بۆ سەرکەوتنی ئەم کارانەش کتێبخانەکان هەڵسان بەدانانی پلانی نوێ لەرێگای پێگەیاندنی کادری کتێبخانە لەبواری تەکنەلۆجیای زانیارییەکان بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان لە ناو کۆمپیوتەرداو سەر لە نوێ سوود لێ وەرگرتنەوە لێیان لە کاتی پێویستدا.

***بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکانی زانکۆکاندا...**

ئەمڕۆ لەسەرتاسەری کتێبخانەی زانکۆکان لە جیهاندا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش بەخوێنەران دەکرێت بۆ نموونە لە کتێبخانەی زانکۆی (کۆنستانس) لە ئەڵمانیا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێ بەزیاتر لە دەهەزار خوێندکار وەزیاتر لە (٨٠١) ملیۆن سەرچاوە لەناو هێڵەکانیدا تۆمار کراوە هەروەها کتێبخانەکە زیاتر لە (١١٠) کۆمپیوتەری ئامادەکردوە لە هۆڵەکانیانداو خوێندکاران سوودیان لێ وەردەگرنو چەندەها کادری ئامادەی کتێبخانە هەیە بۆ خزمەت کردنی تۆڕەکانی ویب (WWW)و رێگا نیشاندەرانی خوێنەران بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانیان، هەروەها لە وڵاتی بەریتانیا خزمەتگوزارییەکان زۆر لەوە زیاترەو خوێنەران دەتوانن ئەو زانیاریانەی مەبەستیانە بیگوازنەوە سەر (C.D) یاخود شێوازی چاپکراو هەروەها کتێبخانەکان هاوکارن بۆ دۆزینەوەی بابەتی بەسوود بۆ خوێنەران.

***بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانە گشتیەکاندا.**

ئینتەرنێت بەکارهێنان لە کتێبخانە گشتیەکاندا لێدوانو گفتوگۆی زۆری لەسەرە هەندێ پشتگیری دەکەنو هەندێکیش دژی دەوەستنەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا لە پێشەوەی وڵاتانن لە بواری بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانە گشتیەکاندا.

سەبارەت بەئەوروپاش ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە تەنیا ٦٪ی کتێبخانە گشتیەکان خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش بەخوێنەرانیان دەکەن.

لە نموونەی ئەو کتێبخانانەش کتێبخانەی (کولن) لە ساڵی ١٩٩٤وە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش دەکات. کتێبخانەی شتورتگارت لە ساڵی ١٩٩٥وە ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەش دەکەن. هەرچی کتێبخانەی (جۆرج بۆمیدیو) لە پاریس لە ساڵی ١٩٩٢وەوە ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەش دەکەن، گەرچی لە ساڵی ١٩٧٧وە ئەو دامەزراوە خاوەنی زیاتر لە (٤٠٠٠٠) چل هەزار سەرچاوەیەو رۆژانەش نزیکەی (١٠٠٠٠) دەهەزار خوێنەر سەردانی دەکەن.

*رێکخراوی کتێبخانەکانی بەریتانیا کاریگەری زۆری هەبووە لە هاندانی کتێبخانە گشتیەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کتێبخانە بەخوێنەرانیان بەبێ بەرامبەر .

هەر بەپشتگیری ئەم رێکخراوەشە زۆربەی کتێبخانەکانی بەریتانیا ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکەن.

***بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەی خوێندنگاکاندا**

لەم کتێبخانانەدا زۆربەی خوێندکاران پێیان باشە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بەکاربهێنن لەبەرئەوەی زۆربەی بابەتەکان نوێنو سەرچاوەی ئەلکترۆنیان پێ چاکترە لەسەرچاوەی چاپکراو. ئینتەرنێت خزمەتگوزاریی تریان پێشکەش دەکات وەك شارەزابوون لە خوێندنەوەو بەکارهێنانی کتێبخانەو هاوکارێکی باشیشە لە پێشخستنی پرۆگرامی خوێندن. هەرچەندە ئەم کارەش بێ گرفت نییە چونکە زۆر لە مامۆستایانو دایکانو باوکان ترسی ئەوەیان هەیە کە منداڵەکانیان هەندێ بابەتیان بەرچاو بکەوێت کە دووربێت لە ئادابو ڕەوشتی گشتی.

***بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکاندا.**

بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەکتێبخانەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر جیاوازە ئەویش بەهۆی جیاوازی لە ئامانجو کارەکانی کتێبخانەکانو بەهۆی فراوانی بوارەکانی ئینتەرنێتەوە. توانایەکی فراوان لە دابینکردنی زانیارییو رێبەرەکان بۆ دۆزینەوەی زانیاری، وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرچاوەی زانیارییەکان کە بەبەردەوامی خوێنەر پێویستیەتی وەك زانیارییە بیبلیۆگرافیەکانو ماناکانی وشەو زانیاری جێگیر لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەو شوێنو کەشو هەواو...هتد.

لەم خزمەتگوزاریانەش:

١- نامەی ئەلکترۆنی: لەو رێگایەوە نامەو زانیاریو راپۆرتو گوتارو لێکۆڵینەوە دەگوازێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یا بۆ سەنتەری گشتی بەخێراییو ئاسانی.

ئەمەش بۆیە بەلایەنێکی باش دادەنرێت چونکە:

أ- تێچوونی کەمە.

ب- بەماوەیەکی کورت دەگات.

ج- بەخێرایی وەڵامەکەت دەگاتەوە دەست.

د- سوودمەند کاتێ نامەکانی بەدەست دەگات کە کاتەکەی بۆی بگونجێت هەروەها دەتوانێت نامەکان لەهەمان شوێندا بپارێزێت.

هـ- سوودمەند دەتوانێت لەیەك کاتدا چەند نامەیەك بۆ چەند شوێنێ بنێرێ.

***چوونە ناو پێڕستی کتێبخانە جیهانیەکان**

بەهەزاران پێڕستی کتێبخانەکانی جیهان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە. وەك کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی کە خاوەنی (١٣٠) ملیۆن سەرچاوەیە بەچەندین زمان، پێگەیەکی ئەلەکترۆنی هەیە کە رێگە بەبەشداربووان دەدات تا سوودی لێ وەربگرن. جگە لە پێشکەشکردنی جۆرەها خزمەتگوزاری بەسوودمەندەکان لەوانە خزمەتگوزاریی کتێبخانە بۆ نابینایان-زانیاری یاسایی جیهانی- چاپکراوی مێژوویی.

***بەشداری کردن لە خولاوەکان (گۆڤارو رۆژنامە)**

ئاشکرایە کە کتێبخانەکان لە هەموو دەزگاکان زیاتر گۆڕانکاریان بەسەردا دێ لە بواری تەکنەلۆجیاو زانیارییەکان، گەیاندنو تۆماری ئەلەکترۆنی یەکێکن لە سیفەتەکانی کتێبخانەی ئەلەکترۆنی کە ڕادەی بەتوانایی لە رێکخستنو تۆمارکردنی زانیارییەکاندا دەردەخات.

یەکێك لەو هۆکاری هەڵگرتنی زانیاریانە گۆڤارو رۆژنامەکانن کەبووە بەکێشەیەکی سەرەکی کتێبخانەکان بەهۆی زۆریانو جیاوازی بابەتەکانیانو شێوازی دەرچونو جیاوازی قەبارەو تێچونی بڕێکی زۆر لەپارە، ئەمانە هەمووی ئەو کێشانەن کە کتێبخانەکانی گرفتار کردوە.

هەرلەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە کتێبخانەکان ناچار بوون واز لە خولاوەکان بهێننو پەنا بەرنەبەر بەشداری کردن لە خولاوەی ئەلکترۆنی بۆ چارەسەری کێشەکان.

هەروەك (کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی) لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٢ بڕیاری دا بەشداری نەکات لە بەدەست هێنانی کۆمەڵێك گۆڤارو رۆژنامە کە بڕی تێچونەکەی دەگەیشتە ٢١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیو یەکێك لەو گۆڤارە گرنگانەی بەزمانی ئینگلیزی بابەت لەسەر کتێبخانەو زانیارییەکانی بڵاو دەکەنەوە گۆڤاری ( public Access. Computer Systems). لەگەڵ (Current Cities).

***گەیشتن بەدەقی بەڵگەنامەکان**

زۆر لە سوودمەندەکان بەتایبەتی لە کتێبخانە ئەکادیمیەکاندا هەوڵدەدەن بەخێرایی بگەنە دەقی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستیانە بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەکانیان، بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامە جیهانیانەی کە لە کتێبخانەکاندا دەست ناکەون. بنکەی بەریتانیا بۆ بەڵگەنامەکان (BLDSC) بەگەورەترین بنکەی بەڵگەنامە دادەنرێت لە جیهاندا کە لە رێگای بەریدی ئەلکترۆنیو فاکسەوە زانیارییەکان دەدات بەسوودمەندانی.

***هاریکاری کردنی نێوان کتێبخانەکان.**

زۆر لە کتێبخانەکانی جیهان لە رێگای سیستمی ئینتەرنێتەوە دەچنە بواری هاوکاریکردن بۆ پێدانی زانیاری بیبلیۆگرافی لەسەر کتێبخانەکانیان بەسوودمەندانی یەکتریو خواستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە لە رێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە، ئەمەش لەلایەك خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەکان فراوان دەکاتو لەلایەکی تریشەوە بەئاسانیو خێراییەکی کەم سەرچاوەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکرێت لە نێوان خوێنەرانو چەندین کتێبخانە لە جیهاندا.

سەرچاوەکان

١-بشار عباس (دور الانترنيت و النشر الألكترونى فى تطوير خدمات المكتبات الحديثة
مجلة(الوطنية للمعلومات س٦، ع٤١ (الربيع الثانى ١٩٩٩ ص٩٥).
٢-عبداللطيف الصوفي (إنترنيت ٢٠٠٠ اهميتها فى المكتبات وسبل مواجهتها) ١٩٩٩ص٢٣١-٢٣٢.
٣-منى محمد على (الانترنيت و المكتبة المدرسية) رسالة المكتبة مج٣٢،ع١ (اذار ١٩٩٧)ص٢٦-٢٩

# کتێبخانەی منداڵان

ئیدریس محەمەد سادق

دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهانو هەندێك لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لەسەر ئاستی فەرمیو جەماوەرییو ڕێکخراوە پیشەییەکان، گرنگییەکی زۆر بەکتێبخانی منداڵان دەدەن، لەوانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خزمەتگوزاریی کتێبخانەی منداڵان بەشێکی زیندووە لە نێو کتێبخانە گشتییەکانیاندا، لە وڵاتی سوید بەهەمان شێوە خزمەتەکە لە ڕێگەی کتێبخانە گشتییەکانەوە پێشکەش بەمنداڵان دەکرێت، لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتی مەجەڕ کتێبخانەی سەربەخۆو تایبەت بەمنداڵان، خزمەتگوزارییان پێشکەش بەمنداڵان دەکرد، هەروەها لە عێراقیش ساڵی ١٩٦٨ یەکەم کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان دامەزرا، لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کتێبخانەی منداڵان بەشێوەیەکی زۆر لەجیهاندا ڕووی لەزیادبوونو بڵاوبوونەوە کرد، لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەمیان: هەستکردنی لێپرسراوان بەگرنگیی جیهانیی منداڵان، لەبەرئەوەی منداڵان رێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان پێکدەهێنو بەشێکن لەکۆمەڵگەداو سامانێکی نیشتمانیی گرنگن، منداڵی ئەمڕۆ پیاوی داهاتوونو مافی خۆرۆشنبیرکردنیان هەیە، لە دەرەئەنجامی ئەم ڕاستییەدا، لەلایەن وڵاتانەوە کۆمەڵێك یاسا دانرا بۆ دەستەبەرکردنی مافی منداڵان لە بەدەستهێنانی زانستو رۆشنبیرییە کەسێتییەکەی بەجۆرێك هەموو ئاسانکارییەك بکرێت بۆ سوود وەرگرتن لە بواری خزمەتی کتێبخانەدا، چونکە کتێبخانەی منداڵان بەدەزگایەکی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی دادەنرێتو ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی بەهێز بۆ منداڵو فراوانکردنی ئاسۆی بیرو هزریو وشیارکردنەوەیو ئاراستەکردنی بەرەو پەروەردەیەکی دەروونیو کۆمەڵایەتیی ڕاستو دروست کە منداڵ بەگەشبینییەوە سەیری جیهانو دەوروبەرو سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئێستاو داهاتووی بکاتو حەزو ئارەزووەکانی تێربکاتو هیوا و ئاواتەکانی تێدا دیاری بکات.

دووەمیان: زۆربوونی بەرهەمی ئەدەبی منداڵانو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەرۆشنبیری منداڵانەوە هەیە, ئینجا بەهەر شێوەیەکی وەك (کتێبی وێنەدارو چیرۆكو شانۆگەریو گۆڤارو فیلمی کارتۆنیو سینەماییو تد...) ٠ لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکانداو بەتایبەتی وڵاتە ئەسکەندەنافییەکانو ژاپۆن، هەر لەسەرەتای ساڵی یەکەمی خوێندنەوە منداڵەکانیان هاندەدەن بۆ ئەوەی زانیارییەکانو کتێبخانەکان بەکاربهێنن بەمەبەستی ڕاهێنانیان لەسەر فێربوونی چەمکی لێکۆڵینەوەو ناوەڕۆکی کتێبخانە لە چۆنیەتی خواستنی کتێبەوە تد.. کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو رۆشنبیریان، بۆیە دروستکرنی کتێبخانەی منداڵان لە ڕیزی پێشەوەی پلانی نیشتمانییو کۆمەڵایەتییو ڕۆشنبیریی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە دێت.

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە چەمکی کتێبخانەی منداڵان، بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت لەبواری کتێبخانەدا بەتوێژی منداڵان لەنێو کۆمەڵگەکاندا، ئەمەش لەڕێگەی هەموو ئاسانکارییەکەوە بۆ منداڵان، بۆئەوەی زۆرترین کتێبی هەمە بابەت بەکاربهێنن، هاوکات چەندین یاریو نواندنی دڵخۆشکەر ئەنجام بدەن، تاکو ئاشنایەتیی لەگەڵ کتێبو کتێبخانەدا پەیدا بکەنو پەیوەندییەکی خۆشەویستیان لەگەڵ کتێبخانەدا هەبێتو ببنە دۆستو هاوڕێی هەمیشەییو بەردەوامی کتێبخانە بەدرێژایی ژیانیان، هەروەك ئاماژەی پێکرا کتێبخانە گشتیەکانو کتێبخانەی سەربەخۆی منداڵانو هەندێك لەدەزگاکانو خانەی منداڵان ئەم ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆی خۆیان دەگرنو هەڵدەستن بەپێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی بەمنداڵان لە بواری کتێبخانەدا، هەروەها دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنن تا بتوانن بەشداری بکەن لە چالاکییە هونەریو رۆشنبیرییەکان لە پێناو دەرخستنی وزەو تواناو بەهرەکانیان، و راهێنانیان لەسەر بەدەستهێنانی هاوسەنگییەك لە نێوان هەموو جۆرەکانی خوێندنەوەو هیو او حەزو ئارەزووەکانی ژیانیان لەبەرئەوەی ئەوان نەوەی داهاتووی گەلن.

بێگومان کۆمەڵێك ئامانجی گرنگ هەیە لە دروستکردنی کتێبخانەی منداڵان کەوا کار بۆ بەدیهێنانییان دەکرێت بۆ ئەوەی کاریگەرتر بێت لە سەر توێژی منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری لە ساڵی (١٩٤٩) ز بەیاننامەیەکی فەرمیی دەرکردووە دەربارەی ئامانجەکانی کتێبخانەی گشتیولە ساڵی (١٩٧٢)ز بەبۆنەی ساڵی جیهانی کتێب، بەهەمان شێوە لە بانگەوازێکیدا گرنگیدانو کار بۆ بەرەوپێشبردنی کتێبخانەی منداڵانی لەخۆیدا گرت، لەم ساڵەشدا یەکێتی وڵاتان بۆ کۆمەڵەی کتێبخانەکان -IFLA- پێداچوونەوەی بۆ بەیاننامەیەکی کردو هەڵسا بەئامادەکردنی بەیاننامەیەکی نوێی فەرمیی کە لە دەقێکیدا بەڕوونو ئاشکرایی ئاماژە بەپێویستکردنی گرنگیدان بەکتێبخانەی منداڵان دەکات، کە پێویستە لەسەر کتێبخانە گشتییەکان دەرفەتیان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی سوود لەکاتی بەتاڵیان وەربگرنو پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ کتێبخانەدا هەبێت، بەمەبەستی بەرەوپێشچوونیان لە بواری زانستو ئەدەبدا.

ئامانجەکانی کتێبخانەی منداڵان لەلای (هاریت لونج – Harriet G. Long) لەم کۆمەڵە خاڵانەدا خۆی دەنوێنێت کە بەم شێوەیە ڕێکی خستووە:

*ئاسانکاری تەواو بکرێت تاکو منداڵان زۆرترین کتێبی هەمە بابەتو جۆراوجۆر بەکاربهێنن.

*ڕێنماییکردنو ئاراستەکردنی منداڵان لە کاتی هەڵبژاردنیان بۆ کتێبو سەرچاوەو بابەتگەلی تری کتێبخانە.

*یارمەتیدانی منداڵان بۆ گەشەپێدانی توانا کەسێتییەکانیانو تێگەیشتنیان بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی.

*هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوەی کتێبو چاندنی تاموچێژ وەرگرتن لە خوێندنەوە لەناخیاندا.

*هاندانیان بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانیان سوود لە سەرچاوەکانی کتێبخانەی گشتی (منداڵان) وەربگرن.

*کتێبخانەی منداڵان بەڕۆڵی خۆی هەڵبستێت بۆ ئەوەی وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی، هاوکاری لەگەڵ ئەو دەزگایانە بکات کە گرنگی بەچاودێری کردنی منداڵان دەدات.

لە ڕێنماییەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بەریتانیادا, ئاماژە بەدیارترین ئامانجی کتێبخانەی منداڵان دەکات کە بریتییە لە هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوە بەشێوازێك خۆشیو شادی لە خوێندنەوە وەربگرن.

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێکردنە بەپێی ئامارەکان لە کۆی گشتی (٦٥) شەستو پێنج کتێبخانەی گشتی لە هەرێمی کوردستان تەنها (٢١) کتێبخانەی گشتی بەشی منداڵانیان هەیە، بۆیە لە کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ١١-١٣/ ٧/ ٢٠١٠ بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنفرانسەکە, داکۆکیی لەسەربایەخدان و گرنگیدان بەکتێبخانەی منداڵان کراو بوو بەیەکێك لە دیارترین خاڵی ڕاسپاردەکان کەوا کتێبخانەی منداڵان لەناو پاركو باخچەکان دروست بکرێن.

سەرچاوەکان:
-مدخل الى علم المكتبات والمعلومات/ د. عمر احمد همشري.
-المكتبات العصرية ومراكز المعلومات/ محمد عبدالواحد ضبش.
-الأتجاه نحو القراءة الحرة لدى الأطفال/ د. فاطمة سعيد احمد.
-مكتبات الأطفال في عصر المعلومات/ د. مفتاح محمد دياب.



# زانستی پێڕست و دۆکۆمێنتاری

## "بەشی هەشتەم"

د. شاکر السعید
و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

سێیەم: ئەگەر کارەکە هی گروپێك بوو، بەڵام نەچووە چوارچێوەی ئەرکە کارگێڕی و ناوخۆیی و داراییەکانی و پەیوەندی بە بەڕێوەبەرو کارمەندان و سەرچاوەکانی وەکو (پێڕست و بەڵگەو کەرەستەکانی) یەوە نەبێت و دانەری شەخسیشی نەبێت، وەکو:

الحق.–ع١(ینایر١٩٧٠).– القاهرة: اتحاد المحامین العرب،١٩٧٠.

چوارەم: تێکستە پیرۆزەکان لە نەریت و مەزهەبی یەکێك لەگروپە ئاینییەکان، وەکو:

– المصحف الشریف.–

– الإنجیل، العهد القدیم.–

پێنجەم: کارە سەرچاوەییەکان بەشێوەیەکی گشتی کە دانانیان پەیوەستە بەرەنجی کەسانی ترەوە، وەکو فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیاو بەڵگەکان، بەناونیشان دەخرێنە پاڵ کارتی زیادەی ئامادەکەرو کۆکەرەوان، ئەگەر ئەو سەرچاوانە نووسەر یان دانەریان هەبوو ئەوا داخلکردنەکە بەناویانەوە دەبێت.

**بنەما تایبەتەکان**

واتە بنەمای تایبەت بەیاساو ڕێنماییە کارگێڕییەکان و دەستورو سیستەم و کارەکانی دادگاو پەیمانگاکان و پەیماننامەکان.[1]

* ئەو یاسایانەی حوکم دەکەن یان یەك دەسەڵات ئاراستە دەکەن دەخرێنە ژێر دەروازەی دەسەڵاتەوە، دەروازەی زیادیش بۆ کەسان و دەستەی بەرپرسیار لە کۆکردنەوەو دەرکردنی یاساکان دروست دەکرێت. بۆ نموونە:

مصر

[قوانین، الخ]

مجموعة القوانین المصریة الصادرة عام ١٩٧٥/ جمع محمود منصور.–القاهرة.

(دوای دەروازەی زیادی محمود منصور)

* ئەگەر ڕێنماییە کارگێڕییەکان لەژێر ئاستی یاساکاندا بوو ئەوا دەخرێتە ژێر دەروازەی دەسەڵاتەوەو ناونیشانێکی یەکگرتووش بەناوی سیستەم و ڕێنماییەکانەوە بەکاردێت، بۆ نموونە:

الأردن. وزارة التربیة والتعلیم.

[انظمة والتعلیمات]

تعلیمات امتحان شهادة الدراسة الثانویة في الأردن...

* دەستورو پەیماننامەو یاسا سەرەکییەکان دەروازەیان بەو دەسەڵاتە بۆ دەکرێت کە سەرچاوەی دەرکردنیانن:

الأمم المتحدة

[میثاق]

میثاق الأمم المتحدة...

* بەڵێننامەو ڕێککەوتنی نێوان حکومەتەکان: ئەگەر لایەنی ڕێککەوتنەکان دوو حکومەت، یان سیان بوو، ئەوا دەروازەکە بەناوی ئەو حکومەتەوە دەبێت کە بەپێی ڕیزبەندیی هیجایی لەپێشەوە ناوی دێت، وەکو:

السعودیة.

[معاهدات، الخ السودان ١٩٤٧ مایو ١٦]

الأتفاقیة بین السعودیة والسودان حول تنمیة ثروات البحر الأحمر...

(دوای دەروازەی سەرەکیی و لەژێر: السودان [معاهدات، الخ السعودیة... ] )

*ئەگەر لایەنەکان زیاتر بوون لەسیان، ئەوا (معاهدة) کە دەکرێتە ناونیشان:

اتفاقیة الکویت الإقلیمیة للتعاون في حمایة البیئة البحریة من التلوث...

* چاپکراوە ئاینییەکان بۆ گروپە ئاینییەکان لەژێر ناونیشاندا دەبێت، بەڵام سروت و ویردەکانی هەندێ گروپی ئایینی دەخرێتە ژێر ناوی گروپەوە، وەکو:

الکتاب المقدس، ع.ج.

کتاب العهد الجدید لربنا ومخلصنا یسوع المسیح/ مترجم عن اللغة...الخ.

یان

الکنیسة الکاثولیکیة.

[قداس. عید المیلاد].

مقتطفات من خدمة عید المیلاد الشریف/ وضح بطریارکیة الروم الکاثولیك.

* خولاوەکان، چارەسەریان کەمێك لەچارەسەری کتێب جیاوازە، چونکە دیارترین جیاوازیی خولاوەکان لەگەڵ کتێبدا خەسڵەتی بەردەوامبوونە، هەربۆیە دەروازەی خولاوەکان کراوەیەو داناخرێ، مەگەر خولاوەکان لە دەرچوون راگیرێت، هەرچۆن دەبێت لەکارتی پێڕستی خولاوەکەدا هەموو ژمارەکانی کە لەکتێبخانەدا هەن تۆمار بکرێت، کارتی پێڕستی خولاوەکان بەپلەی یەکەم ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی خولاوەکە، بەپلەی دووەمیش تۆمارێکە بۆ بوونی ژمارەکانی لە کتێبخانەکەدا، کارتی پێڕستیان ئەم زانیارییانە دەگرێتەخۆ:

– ناونیشان.

– مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی کە گەیشتووەتە کتێبخانە.

– شوێنی بڵاوکردنەوە.

– ناوی بڵاوکەرەوە.

– هەفتانە یان مانگانەیە.

– لەوێنەو ئامرازەکانی تری روونکردنەوە چی تێدایە.

دەکرێت پشت بەڕێساکانی پێڕستی ئەنگلۆ–ئەمریکی ببەسترێت بۆ پێڕستی خولاوەکان، چونکە بەشێکی تایبەتی تیادایە بەخولاوەکان و ڕێگای پێڕست کردنیان.

**پێڕستی بابەتی**

ئەو پێڕستەیە کە بایەخ دەدات بەدیاریکردنی ناوەرۆکی فکریی، یان بابەتی سەرچاوەکانی زانیاریی، ئەوەش بەدیاریکردنی سەرەبابەت یان ژمارەکانی پۆلێن ئەنجام دەدرێت.

سەرەبابەت Subject Heading ئەو وشەیە، یان وشانە، یاخود ئەو رستەیەیە کە گوزارشت لە بابەتی کتێب، بەڵگەنامە دەکات و لەتوانادایە لەژێریدا لە پێڕستی کارتەکاندا، یان دەروازەکاندا هەموو ئەو شتانە بنووسرێت کە چارەسەری بابەتەکە دەکەن، سەرەبابەتەکانیش ڕیزبەندییان لەگەڵ حەواڵەکردنەکاندایە کە لەپێڕستدا ڕیزبەندیی هیجاییان هەیە.

**ئامانجەکانی پێڕستی بابەتی**

ئامانجەکانی پێڕستی بابەتی لەم خاڵانەدان:

١– نیشاندانی پێکهاتەی کتێبخانە یان سەنتەری زانیاریی لەسەرچاوەو کەرەستە لە بابەتێکی دیاریکراودا.

٢– نیشاندانی هەر سەرچاوەیەکی تر کە پەیوەندییان هەبێت بەو بابەتە سەرەکییەوە.[2]

پێڕستی بابەتی لەپێڕستە گرنگەکانی ئەم سەردەمەیە، کە بایەخ بەبابەت و هاوپەیوەندەکانی دەدرێت، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی توێژەر لە بابەتێکی دیاریکراودا کاری پێیان دەبێت زۆر لەوە زیاترن لەبەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراودا، یان ناونیشانێکی دیاریکراودا چنگ بکەون.[3]

**لەئێستادا سێ پێڕستی بابەتی لەبەردەستدان:**

أ– پێڕستی پۆلێنکراو.

ب– پێڕستی بابەتیی هیجایی–پۆلێنکراو.

ج– پێڕستی بابەتیی هیجایی.

هەر جۆرە لەپێڕستی بابەتی خەسڵەتی ئیجابی و هاوکات گرفتن و کەموکورتیشیان هەیە.

پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانی سەرەبابەت و پۆلێندا هەیە، چونکە هەردووکیان بایەخ

٦٥٧،٨٣٥

کما کمال، حسن محمد.

نظام المحاسبة الحکومیة: دراسة نظریة وعملیة/

حسن محمد کمال و احمد سامیی عثمان– القاهیرة:

مکتبة عین شمس، ١٩٧٧.

٤٤٧ ص؛ ٢٤ سم.

١. المحاسبة الحکومیة. أ. عثمان، أحمد سامي،

مؤلف مشارك. ب– العنوان.

بەناوەڕۆکی فکریی بابەت، یان ناوەرۆکی بابەتیی دەدەن.

پۆلێن بەوە پێناسە کراوە کە هونەری ئاشکراکردنی بابەتی کتێبەو ناساندنی کتێبیش بەیەکێك لەهێماکانی پلانی پۆلێنە کە لەهەر کتێبخانەیەکدا کاری لەسەر دەکرێت. ئاشکراکردنی بابەت هەنگاوی یەکەمە لە پرۆسەی پۆلێندا، چونکە پۆلێن بەپلەی یەکەم دیاریکردنی بابەتی کتێبخانەو پاشان بەخشینی یەك لەهێما پەیڕەوکراوەکانی پۆلێنە بەو بابەتە، یان ئەو سەرچاوەیە.

کاتێ پۆلێنکار ژمارەی پۆلێنی(٣٧٠)ی سیستمی دیوی دەیی وەك دەلالەتێ بۆ کتێبێکی پەروەردە دیاری دەکات، ئەوا سەرەبابەت دەبێتە(پەروەردە)، واتە چوونیەکی تەواو هەیە لەنێوان ژمارەی پۆلێن و سەرەبابەتدا، دەتوانین بڵێین ئەو دووانە، پۆلێن و سەرەبابەت هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی ترن.

پێڕستکاران سکاڵای نەبوونی ڕێسایەکی یەکگرتوویان هەیە کە بۆ پێڕستی بابەتی لەسەری کۆك بن، هاوکات بۆ پێڕستی وەسفیش هەمان گرفتیان هەیە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١– سەرەبابەت پشت دەبەستێت بە زمان، دیارە زمانەکانیش لەرووی بونیادوو وشەی بەرامبەریان و واتاکانیانەوە لەیەکتر جیاوازن، هەربۆیە بنەماکانی سەرەبابەت کەبەکەڵکی زمانێکی دیاریکراو دێت بەکەڵکی زمانێکی تر نایەت.

٢– سەرەبابەت گوزارشتە لە بابەت، ئەگەر بەئاسانی نووسەری کتێب بناسرێ و ناونیشانەکەشی دیاری بکرێت، بەڵام بۆ بابەت کارێکی زەحمەتە.

٣– سەرەبابەت بەپلەی یەکەم زاراوەن، زاراوەش کە بریتییە لە بیرۆکەیەك، بەپێی چەندشتێك لای وەرگر دەگۆڕێت، وەکو تەمەنی سوودمەند، پشتینەی رۆشنبیریی، زانیاریی بابەتیی، پیشەیی، ژینگەی جوگرافی..

٤– سەرەبابەت پشت دەبەستێ بەئەزموون و توانای بڕیاردان، زانستێك نییە یاساو ڕێساو سیستم ببیات بەڕێوە، ئەو لەژێر کاریگەریی ڕێنماییەکاندا نابێت، بەڵکو پەیوەستە بەگۆڕانکاریی وەك قەوارەی کتێبخانەو بایەخی و ئەزموونی پێڕستکارەوە.

**هەنگاوە پراکتیکییەکانی پێڕستی بابەتی**

دەتوانین هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەم جۆرە پێڕستە لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١– زانینی بابەتی کتێبەکە.

٢– پێشنیازی سەرەبابەت، یان سەرەبابەتەکان.

٣– گەڕان بەلیستی سەرەبابەتەکاندا.

٤– هەڵبژاردنی سەرەبابەتی گونجاو.

**بنەماکانی هەڵبژاردنی سەرەبابەت**

١– دیاریکردنی راستەوخۆ(سەرەبابەتی دیاریکراو):

پێویستە زاراوەیەك هەڵبژێردرێت کە دیاریکراوبێت، واتە سەرەبابەتێ بێت بەوردی و بەکورتی ناوەرۆکی بابەت بدات بەدەستەوە، واتە نابێ سەرەبابەت درێژتربێ لەو بابەتەی کتێبەکە پێکدێنێ، وشە، یان دەستەواژەی هەڵبژێردراو کە بەمەبەستی بابەت دەگەیێنێ، نابێ بەتەنیا دەستبدات بۆ کتێبی پێڕستکراو، بەڵکو دەبێ گونجاوبێ بۆ کۆمەڵە کتێب و سەرچاوەی تر لە هەمان بابەتدا.

دیاریکردن دوولایەنی هەیە:

یەکەم: ئەوەی لەتوانادابێت: ئەویش سەرچاوەکە دیاری دەکات.

دووەم: ئەوەی دڵخوازبێت: ئەمە تەنیا بەهۆی سەرچاوەکەوە نییە، بەڵکو خواستنی زانیاری و خەسڵەتەکانی کتێبخانەو کۆمەڵگا دیاری دەکەن.

٢– یەکەو سەلماندن(سەرەبابەتی جێگیر):

دەبێ یەك زاراوە بۆ گوزارشت لە بابەت بەکاربێت، بێ گوێدانە ئەو هەموو زاراوانەی بۆ ئەو بابەتە دەستدەدەن، ئەوانەی نووسەران بەکاریاندێنن یان لەزمانە جیاوازەکاندا دەردەکەون، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا کتێبەکانی سەر بەیەك جۆر بابەت نەکەونە جێگای جیاواز لەپێڕستداو دواتریش لەسەر تاخچنی (رفوف) کتێبخانەدا پەرش و بڵاوبن.

Cutter چەند پێشنیازێکی یاریدەدەری بۆ هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاو خستووەتە بەرچاو:

– ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کەوا لای زۆربەی سوودمەندانی کتێبخانە ئاشنایە.

– ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کەوا لەپێڕستەکانی تردا بەزۆری بەکاردێت.

– ئەو زاراوەیە هەڵبژێرە کە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زۆر هەڵناگرێت.

– ئەو زاراوەیە بەکاربێنە کە بابەتەکە بخاتە پاڵ ئەو بابەتانەی تر کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە.

جێی سەرنجە، ناونانی هەندێ بابەت لەوڵاتێکی عەرەبی بۆ یەکێکی تر لەمەبەستدا جیاوازە، هەربۆیە دەبێ ئەوەیان بەکاربێت کە زۆرتر بڵاوە، لەگەڵ ڕەچاوی تازەیی و نوێکردنەوە لەکاتی ئامادەکردنی لیستەکاندا.

٣– بەکارهێنانی بەربڵاو:

بەکارهێنانی زاراوەی بیانی کە هاتوونە زمانەوە بۆ مەبەستی هەندێ زانیاریی پەیوەستە بە چۆنێتی بەربڵاوییان و واتادارییان، وەکو:

تەلەفزیۆن نەوەك ئێستگەی بینراو.

پێویستیشە سەرەبابەت روون بێت، ئەگەر وشەیەك زیاد لەمانایەکی هەبوو ئەوا دەبێت روونبکرێتەوەو ماناکەی دیاری بکرێت، یان ئەو جێگایەی کە تیایدا بەکاردێت.

بۆ نموونە:

وشەی(دین)ی عەرەبی بەمانای (ئایین) دێت و بەمانای (قەرز)یش دێت، کەواتە لەجێی خۆیانداو بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردێن هەرچۆن وشەی(پاراستن) بەمانای(بیرهاتنەوە) دێت لە دەروونزانیداو بۆ بابەتی پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان بەکاردێت هەرچۆن وشەی(پارە) لە کتێبخانە گشتییەکاندا بەکاردێت، بەڵام (دراو) لە کتێبخانەی تایبەتمەند بەو بوارەدا.

**پەراوێزەکان:**

١– بڕوانە: محمد السعید فودة: اشکال المداخل بالفهاری العربیة والأجنبیة، الریاض ١٩٨٥ی هەروەها: محمود أیتم: الفهرسة العلمیة والعملیة، عمان، ١٩٨٨.

٢– محمد فتحی عبدالهادی: الفهرسة الموضوعیة، القاهرة، ١٩٧٩.

٣– د. ربحی مصطفی علیان: اساسیات الفهرسة والتصنیف للمکتبات، عمان، ١٩٩٩.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 12 – 13/9/2010


## رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لە سیمینارێكدا

**رۆژان سەیفور**

رۆژی ٢٠١٠/٨/١٥ لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانی، بەشی راگەیاندنو پەیوەندییەكان سیمینارێكی بۆ بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی سازكرد كە تیایدا باسێكی لەسەر(رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو بڵاوكراوەی ئاسۆی كتێبخانە؛ بەنموونە) پێشكەش كرد. ئامادەبووانی سیمینارەكە كە بریتی بوون لە ژمارەیەك لە خوێندكارانی بەشی كتێبخانەو زانیارییەكانی پەیمانگای تەكنیكی سلێمانیو كارمەندانی كتێبخانە لە دەرچووانی بەشی ناوبراو، گوێبیستی باسەكە بوون كە لەم بەشانە پێكهاتبوو(رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو خەسڵەتەكانی، خوێنەری تایبەتمەندی ئەو جۆرە رۆژنامانە، ئاسۆی كتێبخانە وەك ئەزموونێكی كوردیی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندوئاسۆكانی گەشەسەندن لە بەردەم ئاسۆی كتێبخانەدا).

بەدوای پێشكەشكردنی باسەكەدا، ژمارەیەك لە ئامادەبووان سەرنجو پرسیاریان ئاڕاستەی خاوەن باسو هەریەك لە ئەندامانی ستافی كارای بڵاوكراوەكە كردو گفتوگۆیان لەبارەوە كرا.

## محەمەد نوری تۆفیق.. نووسەرێك بەردەوام
## كتێبخانە گشتییەكان دەوڵەمەند دەكات



یەكێك لەو ئەدیبو رۆژنامەنووسانەی دەوڵەمەندبوونی كتێبخانە گشتییەكانی كوردستان بووەتە خەمی دەیان ساڵەی، مامۆستا(محەمەد نوری تۆفیق)ی چیرۆكنووسو رۆژنامەنووسی ناسراوە.

لەم دواییەدا بەڕێزی دیاریی بەنرخی پێشكەش بەكتێبخانەی گشتیی سلێمانی كردو بەپێشكەش كردنی ١١٧ بەرگ لەژمارەكانی رۆژنامەی (كوردستانی نوێ)و ٥٨٤ ژمارە لە رۆژنامەی (الأتحاد) هۆڵی(پیرەمێرد)ی تایبەت بە گۆڤارو رۆژنامەكانی ئاوەدانتر كرد، لەپای ئەوەشدا بەڕێوەبەرێتی كتێبخانە بەنوسراوێك وێڕای ئاوات خواستن بۆ زۆربوونی نموونەكانی وەك مامۆستا، سوپاسو پێزانینی ئاڕاستەكردوە.

جێی سەرنجە، مامۆستای ئازیزمان كە خاوەنی چەند كتێبێكی چاپكراوی ئەدەبیو وەرگێڕانەو شارایەك لە بەرهەمی رۆژنامەنووسیی پێشكەش بە بزاڤی رۆژنامەنوسی كوردیی كردووە، لە ئێستاشدا سەرنووسەری گۆڤاری (سلێمانی)و راوێژكاری(كوردستانی نوێ)یە، لەمەوبەر كتێبخانەی تایبەتیی خۆی پێشكەش كردوە بەهەریەك لە كتێبخانە گشتییەكانی سلێمانیو چەمچەماڵو هەردوو كتێبخانەی (بەشی كوردیی كۆلێژی زمانی زانكۆی كەركوك)و (كۆلیژی ئەدەبیاتی قەڵادزێی سەر بەزانكۆی كۆیە).

## ملیۆنێك كتێب
## بۆ ئەوانەی ناتوانن بخوێننەوە



**الشرق الاوسط**

لەپێناوی خزمەتی نابینایاندا، یان ئەوانەی دووچاری چاوكزی (دیسلیكسیا)بوون، خوێندنەوەی كتێبە نوێیە بەنرخو پڕفرۆشەكان كارێكی مەحاڵ نییە.

ئەمە لەبەرئەوەی (بروستیر كاحلی)ی پسپۆر لە كتێبخانەی ئەلیكترۆنیو دامەزرێنەری كتێبخانەی گریمانەیی كە بە(ئەرشیفی ئینتەرنێتی) ناو دەبرێت، هەڵمەتێكی جیهانیی بۆ زۆركردنی ئەو كتێبە تایبەتانە بەوانەی ناتوانن كتێبی چاپكراو بخوێننەوە، زیاد كردوە.

هەڵمەتەكەی بروستیر بۆ دابینكردنی سەرچاوەكانی بیستنەو ئێستا لە تۆڕەكانی ئینتەرنێتدا زیاد لە یەك ملیۆن ناونیشان هەیەو خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان دەتوانن بەدەنگ گوێ لە كتێبە داواكراوەكانیان بگرن.

## لەیەك مانگدا
## ٣٨٦٧ خوێنەر لەكتێبخانەی گشتیی سلێمانی

بەپێی ئاماری مانگی رابردووی كتێبخانە:

لەو مانگەدا ٢٥٩١هامشۆكەر لە رەگەزی نێرو ١٢٧٦ لە رەگەزی مێ سەردانی كتێبخانەیان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەسەرچاوەكان كردووە.

بەپێی ئامارەكە، لەخوێنەران ٥٧یان هەڵگری بڕوانامەی دكتۆراو ٧٨یان ماستەرو ٦٤١یان بەكالوریوسو ئەوانی تریش دەرچووانی پەیمانگاو قۆناغەكانی ئامادەییو ناوەندیو سەرەتایی بوون.

## گەورەترین كتێب لەجیهاندا
## داهاتەكەی بۆ یارمەتیدانی خوێندنە

**بێستون فەرهاد**

ئەو كتێبەی باسی شانشینی بوتان لەكیشوەری ئاسیا دەكات، لەلایەن كتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەكان بە گەورەترین كتێب لەجیهاندا دانراوە كە تائێستا چاپكرابێت.

ئەم كتێبە، كە ناونیشانی (Bhutan: A Visual Odyssey Across the Last Himalayan Kingdom)ە، قەبارەكەی ١,٥٢ × ٢,١٣ مەترەو كێشیشی ٦٠ كیلۆگرامە. كتێبەكە تەنها لەسەر داوای كەسەكان لەچاپدەدرێتو داهاتەكەشی بۆ یارمەتیدانی خوێندنە لەو شوێنانەی كە پێویستی زۆریان بە پرۆسەی پەروەردەیە لەجیهاندا.

بڕی ئەو رۆڵە كاغەزەی لەچاپكردنیدا بەكارهاتووە گەورەترە لە رووبەری گۆڕەپانێكی تۆپی پێو زیاتر لە یەك گاڵۆن مەرەكەبی تیادا بەكارهاتووە، ماوەی چاپكردنەكەشی ٢٤ سەعاتی خایاندووە، كتێبەكە پێكهاتووە لە چەندین وێنەی فۆتۆگرافو دیجیتاڵی كە لەلایەن (مایكڵ هاولی)ەوە ئامادەكراوەو گوزارشت لە ژیانی كۆمەڵایەتیو سروشتیی شانشینی بوتان دەكات. نرخی یەك دانەی ئەم كتێبە دەگمەنە ٣٠ هەزار دۆلارە.

لە ئینتەرنێتەوە









سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژكاران: ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید

ستافی كارا: ساكار عەلی عەبدوڵڵا ـ تابان حەسەن

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

كارگێڕی: ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، كتێبخانەی گشتیی

ت: ٣٢٠٢٧١٦، ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com